

# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی چوارەم)

**نوسینی: کری ڤۆلف**
**وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی**
**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ٤ ـ مێژوو و خەیاڵ

بەم ئاوایە ناکرێ ئینجیلەکان وەك ساڵنامە یان سەربردەیەکی ڕووداوەکان بخەینە بەرچاوکە بەرهەمی کەسانێک بن، ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان دیتبێ، یاخود لە لایەن هاوچەرخانێکەوە هاتبنە بەرهەم کە ڕاستەخۆ لە شاهیدی ڕووداوەکانیان بیستبێ یان وەریانگرتبێ. بە پێچەوانەی بۆچوونی کلیسا تەنانەت ئینجیلەکان لە لایەن ئەو کەسانەشەوە نەنووسراون کە ناویان هاتوە، بەڵکو زۆر دواتر لە لایەن نەناسراوانێک هاتونەتە بەرهەم کە خۆشیان لە فەلەستیندا نەژیاون.

هەروەها ئینجیلەکان مێژوویەك نین کە پشتیان بە سەرچاوەی بڕواپێکراوی وەك بەڵگەنامە کۆکراوەکان، ئەو دۆزراوانەی کە لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی کۆنینەناسی هاتوونەتە دەست، یاخود مێژوویەکی پوختەکراوی ڕووداوەکان بەستبێ. ئەساس و بنچینەی ئینجیلەکان لەسەر کۆمەڵە سەربردەیەکی خەیاڵاوی و کۆڵێك مۆجزەی سەبارەت بە لەدایکبوون، ژیان و کردەوەکانی بوونەوەرێکی نائاسایی بە ناوی مەسیح داڕێژراوە. ئەم ڕووداوە خەیاڵاویانە بە تانوپۆی شتی نەکراو و نەگونجاو و



چتی زۆر ئاسایی تەنراون. هەر بۆیە زۆرێك لە زانایانی زانستەکانی ئاینیی و ئەو کەسانەی کە لە ئینجیلەکانیان کۆڵیوەتەوە، وەك «لیۆن تۆلستۆی» هەوڵیانداوە ئەم دوو بەشە لێك هەڵاوێرن. ئەوانە دەڵێن:" ئەگەر بێتوو ڕووداوە مۆجزەئامێزەکانی ناو ئینجیلەکان دەرباوێژین، باقیەکەی ئەو ڕوودا و سەربردانەن کە ڕەنگی ڕاستییان پێوە دیارە و لەوانەیە کاتی خۆی ڕوویان دابێ. ئەگەر ئاوا بچینە پیش ئەوەدەم دەتوانین وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی لە ئینجیلەکان کەڵك وەرگرین. «ژۆرژ براند George Brandes»، پیتۆڵ و ڕەخنەگری دانمارکی، کە خۆی بە بابەتەکانی لەمەڕ بنچینەی دیانەتی مەسیحییەوە خەریك کردووە، کتێبێکی بە ناوی «مەسیحییەتی بەرایی Je Cristianisme Primitif» نووسیوە. ئەم نووسەرە بە ڕاوێژێکی زۆر گاڵتەئامێز خەتە خوار و هەڵەکانی ئەو کەسانە نیشان دەدات و دەڵێ: "بە دڵنیاییەوە هەموو ئەفسانەیەك لە دوو بەشی ڕاست و ناراست، یان ڕووداوی سروشتی و پێشهاتی ڕوونەدەر و سەیر و ناسروشتی پێك هاتووە. بۆ نمونە سەیری چیرۆکی «کڵاو سوور» بکەن کە «شاپرۆن ڕۆژ» نووسیویەتی. دوور نیە گورگێك کچۆڵەیەکی بەو ناوونیشانە خواردبێ، ئەوەش دوور لە ڕاستی نیە کە ڕاوچییەك پەیدا بووبێ و گورگەکەی کوشتبێ، بەڵام بە هیچ لەونێك ناکرێ و ناگونجێ «کڵاو سوور»ی بچکۆلە بە زیندوویی لە سکی گورگەکەوە هاتبێتەوە دەر. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە داخوا ئەگەر بەشە ڕوونەدەرەکەمان لە چیرۆکی «کڵاو سوور» جیاکردەوە، ئیتر بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە بەشەکەی تری پوختە و بە ڕاستی ڕووی داوە؟ بە دڵنیاییەوە نا. هەموو کەسێك دەزانێ کە بابەتی گورگ و خواردنی کچۆڵەیەك کراوەتە هەوێنێك تا ڕووداوی مۆجزاوی هاتنەدەرەوەی ئەو کچۆڵەیە بە زیندوویی لە سکی گورگێکی پێ بهۆننەوە. لێرەدا ڕووداوێکی ئاسایی کە ڕەنگە لە هەموو جێگایەک بێتە پێش گەلێک پێویستە، هەتا بتواندرێ ڕووداوێکی ناسروشتی و ڕوونەدەری پێ بسەلمێنن. ئەو بابەتە

ئەفساناوییانەی ناو چیرۆکی «کڵاو سوور» مرۆڤ لە بوونی کچێك بەو ناوە و و گورگێك کە پەلاماری دەداتێ، وەشك دەخات.

«ژۆرژ براند» لە ئینجیلەکانیشدا شتێکی هەر لەم بابەتەی دۆزیوەتەوە. ناوبراو دەنووسێ:«هەرکام لە داستانەکانی ناو ئینجیل کە مۆجزەیەک باس دەکەن ئامێژەنێکن لەو دووبەشە. بەشە یەکەمەکەی ئەو شتانەن کە رەنگ و رواڵەتێکی زۆر ئاساییان هەیە. بۆ نمونە هەرکات بڵێن کەسێك زۆر نەخۆشە، رووناکاییەك بۆ چاك بوونەوە شك نابات، ئەمە گێڕانەوەی پێشهاتێکی زۆر دڵتەزێن و لە هەمان حاڵدا زۆر ئاساییە. بەڵام کاتێك هەر ئەم بابەتە ئاساییە دێتە ناو ئینجیلەوە، بۆ ئەوەیە دواتر ئەم نەخۆشە کوتوپڕ بە ناوبژیەتی و هاتنە گۆڕی هێزێکی بەدەر لە سروشت چاك بێتەوە. کاتێ لە ئینجیلەکاندا باسی ئەوە دەکرێ کە کەسێك مردووە، ئەمە هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نیە، ئەمە رووداوێکە، وێدەچێ هەر رۆژ، لە هەر شوێن و لە هەر وڵاتێکدا بقەومێ. بەڵام دواتر ئینجیل بە هێزی سیحراوی عیسا ئەو مردووە دەژیەنێتەوە. ئێستا ئەگەر بێتوو ئەم بەشە، واتە مۆجزەکە لە تێکڕای رووداوەکە دەرباوێژین خۆ ئیتر هیچ شتێك نامێنێتەوە کە بکرێ وەک بابەتێکی سەرنج راکێشی رەوانناسی یان واوەتر لەوەش، وەک بابەتێکی سەرنج راکێشی ئاینیی سەیری بکرێ. سەرباقی، هەر کات بمانەوێ بەشی روونەدەر لە رووداوەکە هەڵگرین، ئیتر بەشەکەی دیکەش، واتە ئەو بەشەی کە لەوانەیە قەومابێ، خۆبەخۆ هیچ مانایەکی نامێنێ»

«ژۆرژ براند» دەڵێ:" هەرکات بەشە ناسروشتییەکەی رووداوەکانی ناو ئینجیل دەباوێژین، ئیتر ئەم رووداوانە بایەخی رەوانناسییان نامێنێ، بەڵام باشە ئەی بایەخی مێژووییان دەبێ؟ نا، چونکا ئەو بەسەرهاتانەی کە قەوماون خۆبەخۆ پارسەنگی راستەقینە بوونیان تێکدەچێ. لەراستیدا ئیتر هیچ بەلگەیەك بەدەستەوە نییە تا بیر لەوە بکەینەوە عیسای مەسیح ناوێك هەبووبێ. چونکا ئەو شتەی کە



ئینجیلەکان لە بابەت لە دایکبوونی عیساوە دەیڵێن، تەنیا هۆکاریکە و بۆ ئەوەیە ئەفسانەیەکی روونەدەر سەبارەت بە مۆجزەکانی عیسای پێ‌هەڵبەسترێ. بە دڵنیاییەوە ئەم هۆکارە دەرئەنجامی خەیاڵات و وەهمی ئاینییە و بۆیە بەمجۆرە لە قاڵبدراوە تا بنچینە و بنەمایەکیان بۆ ئەفسانەکان دارشتبێ.

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ بە تۆپەڵ و بە گۆترە هەمو ئەو رووداوانە، یان ئەو کەسانە بەرپەرچ بدرێنەوە و پاڵیان پێوەبندرێ کە لە ئینجیلدا ناویان هاتوە، بەڵکو دەبێ بە وردی و یەك بە یەك پاك و پیس بکرێن.

تۆ تەماشا کەن، لە ئینجیلەکاندا باسی « پۆنتیۆس پیلات (پیلاتس)کراوە، ناوی زۆر کەسی دیکەی وەك «هیرۆد»، «ئیزکیرینۆس»، «تیبر»، «حەننا» و «قیافا (کائیف)» و هی‌دیکە براوە، کە هەموویان بە گوێرەی بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی بڕوا پێکراو هەبوون. بەڵام کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو ئینجیل ئەو کەسانەن کە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەو کاتدا ناویان نەهاتووە و باسیان نەکراوە. وەکوو عیسای مەسیح و قوتابییەکانی، وەکوو مەریەمی عەزرا و لازار کە عیسا پاش مەرگ ژیاندییەوە، وەکوو سیمۆن کە درگای ماڵەکەی بۆ عیسا واڵا کرد، یان یوسفی دارتاش، باوکی عیسا و مریەمی مەجدەلی و کەسانی‌تر.... ئایا دەبێ بڕوا بە بوونی ئەم کەسانە و قەومانی ئەو پێشهاتانە بکەین کە پێیانەوە هەڵبەستراون؟

ئەگەر ئینجیلەکان سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو و بێ هەڵە و پەڵە بوونایە، بێ گومان دەکرا قسەیان لەسەر فلانە کەسێك یان فڵانە رووداوێك بەهەند وەربگیرایە. بەڵام ئێمە دیتمان کە ئینجیلەکان بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکاندا چەندە هەڵەی ئاشکرا و کەلەبەری گەورەیان تێدایە. ئەم کەموکوڕیە زەقانە زەبر لە متمانەکردن بەو کتێبانە دەوەشێنێ و مرۆڤ دەخاتە شک و گومانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش نابێ بەجارێ خەتێکی سوور بەسەر هەموو ناوەرۆکەکانیاندا

بهێنین. دەبێ یەک بە یەک لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانی‌تردا بەراورد بکرێن و بزانین لەم پێکراگرتنانەدا چییان لێ دەمێنێتەوە. هەر وەك وتمان ئەمە ڕێگایەکی باو و پەسەندکراوهی گشتییە و هەموان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی پێیدا دەڕۆن.
یەکەم گرێی جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە داخوا عیسای مەسیح بە ڕاستی هەبوە، یان لە دایکبووی وەهم و خەیاڵی ئایینییە.

## ئایا کەسێک بە ناوی عیسای مەسیح هەبوە؟

لێرەدا کارمان بەسەر ئەوەوە نیە کە خودا هەیە یان نا، ئاخو فووتێکردنی ڕۆحی پیرۆز لە مریەم، یان ڕۆژی پەسڵان و لێپرسینەوە ڕاستە یان هەڵبەستەیە. بێ‌گومان خوێنەر، چ ئەوانەیان باوەڕدار بن، یان نەبن، هەستیان بەوە کردووە کە ئێمە بڕوامان بە هیچکام لەوانە نیە و مۆجزەکان و دیاردەی ناسروشتی بە ڕاست نازانین. کەوابوو خۆ لە گێرەوکێشەی ئەم بابەتانەوە وەرنادەین، هەتا باسەکان بە لارێدا نەچن و تەنیا سەرنج بدرێتە بەر بابەتی دیکە، یانی سەرباسە مێژووییەکان.
سەرەتا دەمانەوێ بە خوێنەر بڵێین کە سەردەرهێنان لەوەی مەسیح هەبووە یان نا، خۆی لە خۆیدا بە تەنێ گرینگ نیە، پێ دەچێ پیاوێك بە ناوی عیسا و ناسراو بە مەسیح لە فەلەستینی کۆندا ژیابێ، پێ دەچێ ئەو ئامۆژگارییانەشی کردبێ کە لە ئینجیلدا هاتووە و هاندەری بشێوییەکیش لە ناو خەڵکدا بووبێ. لەم ڕووداوانەدا هیچ شتێکی نائاسایی نابیندرێ، هەمووی لەوانەیە وابووبێ. هەر بەو جۆرەی کە کەسانی جۆربەجۆر لە سەردەم و سات و وەختی جۆربەجۆردا ژیاون. دوور نیە عیسا ناوێکیش وەختایەك ژیا بێت. گرینگ ئەوەیە بزانین کە سەرچاوەی بڕواپێکراوی مێژوویی لەم بابەتەوە چی دەڵێ، ئاخۆ بوون و نەبوونی ئەم پێشهاتانە پشتراست دەکەنەوە یان نا.



بەڵێ، تەنات یەك سەرچاوەی مێژوویی بەبایەخ شك پێ‌ناکرێ کە بوونی مەسیحی پشتراست کردبێتەوە. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئینجیلەکان بۆخۆیان لەم بابەتەوە جێگای بڕوا نین، چونکا نە بەدەستی کەسانی هاوچەرخ و نە ئەو کەسانەوە نووسراون کە ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان دیتووە. «مکاشفەی یوحەننا» کۆنترین کتێبە لەسەر دیانەتی مەسیح و لە ساڵەکانی ٦٨و٦٩ی مێژووی ئێمەدا نووسراوە. لێرەشدا تەنانەت یەك وشە لەمەڕ ژیانی دنیایی مەسیح نابیندرێ. نامیلکەکانی «کرداری نێراوان»یش لەم بابەتەوە هیچی وامان پێ ناڵێ. خۆ ئەگەر شتێکیشیان لەم بابەتەوە نووسیبا، هێندە بە بڕ نەدەبوو، چونکا لە سەدەی دووهەمی زاینییدا نووسراون و کلیسا دان بەوەدا دەنێ کە عیسا لە ٣٠ساڵی یەکەمی سەدەی یەکەمدا ژیاوە. کەوابوو لەم نامیلکانەشدا ناتوانین خاڵێك ببینەوە، کە قسەی هاوچەرخەکان یان شاهیدەکانی ئەو پێشهاتانە پشتراست کاتەوە کە لە ئینجیلەکاندا هاتوون. لەوانەش بگەڕێتەوە، بەرهەمە ویژەییەکانی مەسیحییەت کە دواتر نووسراون ناتوانن لە کردنەوەی ئەو گرێ کوێرانەدا یارمەتیمان پێ بدەن.
کلیسا لەو بڕوایەدایە کە ڕووداوەکانی ناو ئینجیلەکان لە دەورووبەری سی ساڵی بەرایی سەدەی یەکەمی مێژووی ئێمەدا قەوماون. ئەمڕۆ ویژەیەکی زانستی و مێژوویی زۆر پڕشنگداری ئەو سەروەختەمان لەبەر داستدایە. لە نمونەی نووسەران و بەرهەمهێنەرانی ئەو سەردەمە دەتوانین کەسانێکی وەك «سەنك Seneque فەیلەسوف»، «تاسیت Tacit مێژوونووس»، «سوەتن Suetone مێژوونووس»، هەروەها شاعیرانێکی وەك «ژووناڵ Juvenal»، «مارسیال Martial»، «پرێس Perse» و «لۆکن Lucain» ناوبەرین. ئەمانە هەموویان ڕومی بوون. لە ناو یونانییەکانیش دەتوانین مێژوونووسی ناودار «پلۆتارك Plutarque» ناوببەین. لە ناو عیبرییەکانیشدا فەیلەسوفی وەك « فیلۆن ئەسکەندەرانی

«Philond Alexandrie»، مێژوونووسیانێکی وەك «ژوست دتبریاد Juste de Tiberiade» و « فلاویوس ژوزف Flavius Josephe» ناسراون. ئایا ئەمانە لە بەرهەمیەکانی خۆیاندا ناوێکیان لە عیسا بردووە؟

لاگرانی عیسا، «فلاویوس ژوزف» بە کەسایەتییەکی مێژووی دەناسن و گرینگییەکی زۆر بەو بڕگەیە دەدەن کە ناوبراو لە کتێبەکەیدا ـ «شوێنەوارە کۆنینەکانی یەهودایی» ـ ناوی عیسای تێدا بردووە. شایانی باسە کە ئەم کتێبە لە ساڵی ٩٠ی زایینییدا نووسراوە. لەو بڕگەیەدا هاتووە کە:"هەر لەو سەروبەندەدا پیاوێکی پیتۆڵ سەری هەڵدا، زۆر چەتوونە ناوی ئینسانی لەسەر دابێین، چونکا مۆجزەی دەکرد و مامۆستای خەڵکانێك بوو کە بە سینگێکی فراوانەوە راستییەکان وەردەگرن. ناوبراو زۆرێك لە خەڵکی یەهود و یونانییەکانی کردە ڕێڕەوی خۆی. ئەو مەسیح بوو. هاوشارییەکانی ئەودەمی ئێمە بە فێڵ و چاوبەستە کردن «پیلاتۆس»یان والێکرد ئەم کابرایە تاوانبار بکا و لە خاچ بدرێ. ئەو کەسانەی هەر لە پێشترەوە خۆشیان دەویست، بەلایانەوە ئازیز مایەوە، چونکا سێ ڕۆژ پاش مردنەکەی، خۆی پیشان دانەوە. پێغەمبەرەکانی خودا پێشتر خەبەریان لەم هەستانەوە و هەزاران مۆجزەی دیکەی مەسیح دابوو. ئەو تاقمەی کە بە مەسیحی ناودەبران هێشتا هەر ماون و لە نێو نەچوون."

هەر لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەیەکیش بە مەحکەمە کردنی یاقوب «برای عیسای ناسروا بە مەسیح» کراوە. «تاسیتTacit» مێژوونووسی رومی لە کتێبەکەیدا بە ناوی « مێژووی بەریزی ڕووداوەکان Les Annales» کە لە دەوروبەری ساڵی ١١٧ی زایینییدا نووسیویەتی ئاماژەی بە جەزرەبە و ئازاردانی مەسیحییەکان لە سەردەمی ئیمپراتووری «نیرۆن» لە ساڵی ٦٤ی زایینییدا کردووە. «تاسیت» ئەم ڕوونکردنەوەشی لەسەر وشەی مەسیحی نووسیوە:"



مەسیحی لە وشەی کریست (مەسیح) هوە دێت. «پۆنتیوس پیلاتس»ی حاکم، لەسەردەمی حکومەتی «تیبرTibere» لەداری دا...."

جێگای وتنە کە هیچکام لە نووسەرانی دیکەی سەدەی یەکەمی زایینیی کە ناومان بردن تەنانەت ئاماژەیەکی بچووکیشیان بە مەسیح نەکردووە. ئێستا با ئاوڕێك لەو دوو بڕگەیە بدەینەوە کە لە کتێبی ئەو دوو مێژوو نووسەدا هاتووە.

هەر لە سەرەتادا نووسراوەکەی « فلاویوس ژوزف» زۆر تەماویی بەرچاو دەکەوێ و جێگای دڕدۆنگییە. ئەم نووسەرە لە راستیدا تا دوا چرکەی تەمەنی وەك یەهودییەکی تۆخ مایەوە. ئەو جۆرەی کە لەسەر مەسیح دواوە دەبێ بەرەو مەسیحیەت لای دابێ. بەڵام وا نەبوە و لەسەر دینی خۆی ماوەتەوە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی‌دیکەش دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەو بڕگەیەی کتێبەکەی لە جێی خۆیدا نیە و هیچ پێوەندییەکی شیاوی بە باسەکانی بەر و پێشی خۆیەوە نیە. کەوابوو هیچ سەیر نابێ ئەگەر مێژوو نووسان و تەنانەت زانایانی ئایینییش هەر لە ماوەیەك پێشترەوە لە راستی و دروستی ئەم بڕگەیەی کتێبی « فلاویوس ژوزف» وەشك و گومان کەوتبن.

نووسەرێکی ئاینیی ناسراو بە «ئۆریژنOrigene» کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی سێی زایینییدا ژیاوە، لە بەرهەمەکەی خۆیدا زۆر بە داخەوەیە کە بۆچی «فلاویوس ژوزف» تاقە وشەیەکیشی لەسەر عیسا نەنووسیوە. نووسەرانی دیکەی وەك «ژوستنjustin»، «ئیرێنەIrenee»، «تێرتۆلین Tertullien» و «کلمات ئەسکەندەرانیClement Alexandrie» کە هەموویان مەسیحی بوون و لەو سێ سەدەی یەکەمی زایینییدا ژیاون هیچ لایەکیان لە ئاماژەکەی « فلاویوس ژوزف» نەداوەتەوە. مێژوونووسێکی مەسیحیی بە ناوی «ئۆزێپ usepe», یەکەم نووسەرە کە قامکی بۆ وتەکەی « فلاویوس ژوزف» راکێشابێ. ئەویش لە کتێبێکدا کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٠ی زایینیی نووسیویەتی. دەنا هیچ ئاماژەیەکی پێشتر لە بەر

دەستدا نیە. لە گەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆر دواتر، چەند دەستخەتێکی کتێبەکەی «فلاویوس ژوزف» دۆزرایەوە کە ئەو بڕگەیەی تێدا نەبوو. «فۆتیوس Photius» ئۆسقۆفی گەورەی «قوستەنتەنییە» لە سەدەی نۆی زاینییدا دەسخەتێکی ئەو کتێبەی هەبوو.

ئەم قسانە چیێ تیا بایسە و دەمانباتە کویێ؟ دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کتێبنووسەرەوەکانی مەسیحی بۆخۆیان ئەم بڕگەیان لیێ زیاد کردووە و لەبەریان گرتۆتەوە. بێگومان ئەوانە پێیان وابووە کە «فلاویوس ژوزف» یان لەبیری چووە ناوی مەسیح ببات، یان بە ئەنقەست خۆی لیێ بواردووە و ئەمەشیان بە هەڵەیەکی زەق زانیوە. ئێستا بە گشتی زۆربەی مێژوو نووسان و تەنانەت باوەردارەکانیشان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو بڕگەیە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زاینییدا بە کتێبەکەی « فلاویوس ژوزف» زیادکراوە. تەنانەت زۆرێك لە زانایانی ئاینیی ئەم بڕگەیەی کتێبەکەی « فلاویوس ژوزف» بە شتێکی زۆر داتاشراو دەزانن.

مێژوو نووسێکیدیکەی رومی بە ناوی «سووەتن Suetone» کتێبێکی هەیە بە ناوی «دوانزە پادشا». نووسەر لە کتێبەکەیدا باسی کەسێك دەکات بە ناوی «کریست Christ». ئەم کەسە یەهودییەکانی هانداوە لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی «کلودی یەکەم» راپەڕن و شۆرش بکەن، هەر بەم تاوانەش لە روم دوورخراوەتەوە. ئەم بابەتەش هیچ پێوەندییەکی بە مەسیحەوە نیە، چونکا بە قسەی ئینجیلەکانیش مەسیح قەت لە روم نەبووە. «کریست» لە ناو کۆیلەکان و رزگاربووەکاندا زۆر دەنگی داوەتەوە. دور نیە «کریست» ناوێکی سەربزێو هەبوویێ و لە سەدەی یەکەمی زاینییدا لە روم راپەڕیبیێ. بەڵام ئەمە هیچ پێوەندی بە عیساوە نیە. گریمان ئەو باسەی ناو کتێبەکەی «سووەتن» عیسا بگرێتەوە، دیسانیش ئەمە ناتوانیێ بەڵگەیەکی دڵنیایی هێنەر بێت و بوونی عیسای پیێ بسەلمیێ. چونکا «سووەتن» کتێبەکەی خۆی لەسەدەی دووی زاینییدا نووسیوە و



لەوانەیە ئەفسانەی (مەسیح)ی هەر لە زمانی مەسیحییەکانەوە بیستبیێ و وەریگرتبیێ.

دەربڕین و شاهیدییەکەی «تاسێت»یش مشتومڕێکی زۆری لە نێو مێژوونووساندا دروست کردووە. کێشە لەسەر ئەوەیە ئاخۆ بە دڵنیاییەوە ئەمە قسەی خۆیەتی، یان دواتر نووسەرەوەکانی مەسیحی پێیان زیادکردووە؟ ئێمە دەتوانین خۆ لە وەردەکارییەکانی ئەم کردوکۆشە بپارێزن و تێی نەکەوین، چونکا خۆ ئەگەر ئەم بڕگە تەماوییەی کتێبەکەی «تاسێت» خۆشی نووسیبێتی، هیچ بەڵگەیەك نابیێ بۆ ئەوەی بوونی کەسایەتی مێژوویی مەسیحی پیێ بسەلمێندریێ. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم کتێبە (مێژووی بەریزی رووداوەکان) لە دەوروبەری ساڵی ١١٧ی زاینییدا نووسراوە، ئەو سەردەمەیە کە رێژەی مەسیحییەکان لەچاو کاتی خۆیدا هەڵکشابوو، هەموویان لەو باوەڕەدا بوون کە وشەی دیانەتی مەسیحی لە ناوی «مەسیح»ەوە وەرگیراوە. کەوابیێ هیچ دوور نیە «تاسێت» ئەو وشەیەی هەروا وەرگرتبیێ، بە بیێ ئەوەی گوێی بە رەسەنی و سەرچاوەکەی دابێت و لێی وردبووبێتەوە.

دیسان بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کە بڕواداران بۆ نیشاندانی بوونی مێژوویی عیسا پشتی پیێ دەبەستن. ئەم بەڵگەیە راپۆرتێکی فەرمییە بۆ «تراژان»ی ئیمپراتۆر، لە لەیەن کەسێکەوەیە بە ناوی «پلینی لاو Pline Le June». نوسەر و سیاسەتمەدار ـ و لە سەرەتای سەدەی دووهەمی زاینییدا و لە ساڵەکانی نێوان ١١١تا ١١٣ حاکمی ولایەتی «بیتین Bithinie» بووە. وا دەردەکەویێ "پلین" لەوێوە راپۆرتەکەی خۆی بۆ ئیمپراتوور ناردووە و پرسیاری لێکردووە، چۆن لە بەرامبەر مەسیحییەکاندا کە ژمارەیان لە وڵاتەکەیدا زیادی کردووە، بجولێتەوە. زۆرێك لە مێژوونووسان بە چاوی گومانەوە لە رەسەنایەتی ئەم بەڵگەیە دەڕوانن. بەڵام راست، یان هەڵبەستە بوونی ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە بۆ بابەتی باسەکانی ئێمە

گرینگییەکی وەهای نییە، تا خۆی پێوە خەریك بکەین، چونکا لە راستیدا ئەم راپۆرتە باسی لە مەسیح نەکردووە و تەنیا ناوی لە مەسیحییەکان بردووە. ئەگەر ئەم نامەیە داتاشراو نەبێ تەنیا ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ژمارەی مەسیحییەکان لە سەرەتای دووهەمی زاینیدا زیادی کردووە و ئەمەش هیچ پێوەندییەکی بە بوونی مێژوویی عیساوە نیە.

لەو سەوەختانەدا بەرهەمە ئەدەبییەکان بە دەست دەنوسرانەوە و ئەویش لە چەند دە دانەیەک تێنەدەپەڕی. زۆرتر وابوو کە چەند کتێبنووسرەوەیەک پێکەوە لە شوێنێکی تایبەت (سکریپتۆریۆم) دادەنیشتن و هەرکامەیان لەبەر ئەو کتێبەیان دەگرتەوە کە خۆیان نووسیبویانەوە. رێی تێدەچێ ئەو کتێبە نوسراوانە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ یەک جیاوازییان تێکەوتبێ و تا هاتووە جیاوازییەکانیان لە نوسخەکانیتردا زۆرتر بووبێ. کتێبنووسەرەوەکان تا رادەیەکی زۆر دەستیان ئاوەڵە بوو، دەیانتوانی بە پێی دیتن، چێژ و لێتێگەیشتنی خۆیان دەستی تێوەردەن. زۆرجار شتی وا رێکەوتووە. لە کتێبە خەتییەکاندا گەلێک جار جیاوازییەکی زۆر لە نوسخە جۆربەجۆرەکانیدا هەیە، یا پێوەی لکاوە، یا هەڵەی تێکەوتوە یا خود لێی قرتێندراوە و شتی دیکە. بەمئاوایە هیچ سەیر نییە کە مەسیحییەکی دەسنووسەر بۆ قایمکردن و چەسپاندنی بناوانی دیانەتەکەی شانی لە دەستێوەردانێکی «خوادپەسەندانە»داخستبێ و بۆ ئەم مەبەستە چیی بە باش زانیبێ سەری خستبێ و لەبەری نووسیبێتەوە.

دەگەڵ ئەوەشدا زۆرگرینگ نیە کە بزانین داخوا ئەو بەڵگانە رەسەنن یاخود ساختەو داتاشراون. تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش وای دابنێین کە ئەمانە سازکراو نەبوونێتن، دیسانیش هیچ بەڵگەیەکی قایلکەر نادەن بەدەستەوە کە عیسا هەبووبێ. چونکا دەمڕاستەکانی کلیسا بۆخۆشیان هیچکام لەو بەڵگانە ناگەڕێننەوە بۆ هاوچەرخەکان یان شاهیدەکانی ئەو روداوانەی کە لە



ئینجیلەکاندا هاتوون. راستییەکەی ئەوەیە کە تێکڕای ئەم سەرچاوانە لە سەردەمانێکی نزیکتر لە ئێمەوە سەریان هەڵداوە و پێدەچێ بەتەواوی لەسەر ئەو چیرۆکانەوە دارێژرابن کە مەسیحییەکان سازیان کردووە و هەمووشیان لە خەیاڵ و کەڵکەڵەی ئاینییەوە سەریان دەرهێناوە.

مێژوونووسانی سەردەمانی کۆن گرینگییەکی زۆر بە کەلەپوری دۆزراوەی کۆنینە ناسی دەدەن، کە لە کاتی هەڵکۆڵینی کۆنینە ناسیدا دەست کەوتبن، جا بەتایبەت ئەگەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجامدرابێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە دۆزراوە کۆنینەکان شتێک بەدەستەوە دەدەن کە بتواندرێ گرێکوێرەی بوونی مەسیحی پێ بکرێتەوە؟

دروست هەر لەم چەند ساڵانەی رابردوودا (١٩٤٨)، چەند شوێنێکی قەراغ «بەحرالمیت» هەڵکۆڵدرا و گەلێك شتی جۆربەجۆر دۆزرانەوە و هەندێکیان بۆتوێژینەوە لە بنچینەی دیانەتی مەسیح سەرنج راکێشن.

لە ئەشکەوتەکانی ناوچەی « قومران Qoumran» کەوڵەپەڕێکی زۆر دۆزرایەوە. ئەمانە بە وردەکاری و پارێزێکی زۆرەوە خراونەتە ناو گۆزە و بن عەرد کراون. بێشك ئەم پارێز و چاوقایمییە بۆ ئەوە بووە تا ئەم کەوڵەپەڕانە نەرزێن و تا ساڵانێکی زۆر لە کەش و هەوای جۆربەجۆردا بمێننەوە و تێدانەچن.

پاش توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەو نووسراوانە، دەرکەوت ئەمانە لە دەوروبەری ساڵی٧٠ی زاینییەوە بنعەرد کراون. کاتی خۆی بەر لە ساڵی٧٠ی زاینیی، خێڵێکی یەهودی و لە تەریقەتی «ئەسنی»[1] لەو شوێنەدا ژیاون. ئەو

[1] – « ئەسنی Esseniens » رێچکەیەکی دیانەتی جوولەکە بووە و بۆ سەردەمی برایانی «مەکابە»، دەوروبەری دوو سەدەی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. ئەمانە ناوبانگیان بە وشکارۆیی و دوورەپەرێزی و خۆ دەزەحمەت هاوێژی دەرچووبوو. لە دەوروبەری شارەکان و

شوێنە لە وەختی ڕاپەڕینی جووەکان لە دژی دەسەڵاتی ڕومیەکان (شەری جووەکان لە دژی داگیرکەرانی ڕومی) سوتێندرا و دانیشتوانەکەشی پاش ئەوەی کتێبە پیرۆزەکانیان و بە گشتی سەرجەمی پەڕ، نووسراوە و بەڵگەنامە بە بایەخەکانیان لە ئەشکەوتەکاندا شاردۆتەوە، لەوێ نەماون و کۆچیان کردووە.

بڵاوکراوەکانی دەرەوە زۆر لەسەر گرینگی ئەو کەوڵەپەڕە دۆزراوانەی ئەشکەوتەکانی قومران، لەمەڕ تیشك خستنە سەر بنچینەی دیانەتی مەسیح ڕۆیشتون. زانایانی ئاینیی و مێژوونووسانی بڕوادار گەلێکیان هەوڵ داوە تا لەم کەوڵەپەڕانە ڕۆژنەیەك بۆ ڕووناکی خستنە سەر مێژووی عیسای مەسیح و بنچینەکانی ئەم دیانەتە بدۆزنەوە.

لە یەکێك لەو بەڵگە دۆزراوانەدا کە تەفسیر و لێکدانەوەی کتێبی ئاسمانی «حەبابۆك[2]»ی پێغەمبەرە، باس لە دادپەروەرێك دەکات کە پیاوە ئاینییەکانی ئورشەلیم بێبەزییانە کوشتیان. ئەم دادپەروەرە وەك بوونەوەرێکی ئاسمانی و نێراوێکی خودایی ناو دەبرێ کە لە پێناو خەڵکێکی سپڵە و بێحورمەتدا جەزرەبە دراوە و ئازاری چەشتووە. لە هەندێکی دیکە لەو بەڵگانەی ئەشکەوتەکانی قومراندا ئاماژە بە مەسیحێك کراوە کە هاتووە یان دەبێ بێت. هەندێك لە نوسەرانی بیانی پێ لەسەر ئەم بابەتەیە دادەگرن تا بڵێن دۆزراوەی ئەشکەوتەکان دان بە بوونی دیانەتی مەسیحدا دەنێ. بەڵام سەهۆڵی ئەم ئەنجام وەرگرتنە لەبەرامبەر خۆری ئەو ڕەخنانەدا دەتوێتەوە کە ئاراستەی دەکرێت.

بە ڕەبەنی دەژیان و ژن و ژنخوازیان دەنێودا نەبووە. ( ئەمە ڕونکردنەوەیە لە لایەن محەمەدی قازییەوە نووسراوە).

[2] – حەبابۆک (Habacuc) یەکێک لە دوانزە پێغەمبەری گچکەی بەنی ئیسرائیلە و لە نێوان ساڵەکانی ٦٥٠ تا ٦٢٥ی بەر لە زایین ژیاوە.



یەکەم دەبێ ئەوە بڵێین کە لە زۆربەی کتێبی پێغەمبەرەکاندا قسە لە "مەسیح" کراوە و زۆرتر بۆ ئەوەش بووە کە بڵێن خەڵك دەبێ چاوەڕوانی هاتنی بکەن. ئەمە ئیتر بە مانای عیسای مەسیح نییە. چونکا ئەو کتێبانە زۆر پێشتر لەو سەردەمە نووسراون، کە گوایە عیسای تێدا ژیاوە و هەڵسوڕاوە، ئەوجۆرەی کە کلیسا بانگەشەی بۆ دەکات. ئاماژە کردن بە دادپەروەرێکیش بۆ خۆی ناتوانێ هیچ بەڵگەیەکی قایلکەر بێت. لە ڕاستیدا بۆچی دەبێ پێمان وابێ کە ئەو دادپەروەرە هەمان عیسای مەسیحە؟ چما کەم کەس هەبوون ئایین و ڕێچکەی جۆربەجۆریان داڕشتبێ و پێشگۆیی شتی لەو بابەتەیان کردبێ؟ چما کەم کەس هەبوون لە پێناو هەڵسوکەوتەکانیاندا ئازاریان چەشتبێ؟

هەر لەسەر ئەم بابەتە، باش وایە بزانین کە بەڵگەکانی «قومران» هیی کەی و هی چ سەردەمێك بوون. ئاخر خۆ هەر ئەوەندەی بزانین کە ئەم کەوڵەپەڕانە لە ساڵی ٧٠ی زایینییدا بن عەرد کراون بەس نییە و ئەمە بە تەنیا دەری ناخات کە کەی نووسراون. زانست هێشتا پێودانگێکی شیاو و قایلکەری لە بەردەستدا نیە کە بتوانێ بە ڕاستی و بە دروستی مێژووی نوسینی هەر یەک لەو بەڵگانە دیاری بکات. لێرەدا تەنیا یەک شت ڕۆشنە و قسەی لەسەر نیە، ئەویش ئەوەیە کە هیچکامیان لە ساڵی حەفتای زایینی بەملاوە نەنوسراون. زۆربەی ئەو کەوڵەپەڕانە گەلێك کۆنترن و پێدەچێ لە سەدەی یەکەم یان دووهەمی بەر لە زایین نووسرابێتن. بەم پێیە دەتوانین بڵێن کە ئەم دۆزراوانە بە هیچ جۆرێك نایسەلمێنن کە مەسیح بە ڕاستی هەبووبێ. بەڵگەی سەدەکانی یەکەم و دوومەمی بەر لە زایین بۆ ئەوە دەست نادەن کە عیسای مەسیحی پێ بسەلمێندرێ. چونکا کلیساش بۆخۆی دەڵێ عیسا دوای ئەو سەردەمە چاوی بە دنیا هەڵێناوە. ئەگەر بێتوو لە ناو بەڵگەنامە دۆزراوەکانی قومراندا بابەتی واش هەبن کە پێوەندییان بە ڕووداوەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی یەکەمەوە هەبێ، ئەوا دەبنە بەڵگەیەکی نوێ

و ناراستی وتە و بانگەشەکانی کلیسا لەسەر عیسای مەسیح نیشان دەدات. ئەگەر لە راستیدا بەوجۆرەی کە کلیسا دەبێژێ کار و کردەوەکانی مەسیح بگەڕێتەوە بۆ سی و چەند ساڵی یەکەمی زاینیی و لە ئەنجامیشیدا دیانەتی مەسیح بە خێرایی کەوتبێتە سەر پێ و تەشەنەی ساندبێ، ئەمە بەتایبەت کاتی خۆی شتێکی کەم نەبووە و دەبوا لە ناو ئەو بەڵگانەدا بەجۆرێك رەنگی دابایەوە. دەبوا ئاماژەیان بەو رووداوانە کردبا کە لە ئینجیلەکاندا نووسراون. دەبوا قسەیەکیان لەسەر دیانەتی مەسیح و مەسیحییەکان کردبا، لەحاڵێکدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆیان تێدا نییە و هەروەها لە بەڵگەنامە دۆزراوەکانی ئەم بیست ساڵی دواییەشدا بابەتێکی ئەوتۆ نەدیتراوە.

لەوانەش دەرچێ، هەڵکۆڵینەکانی ئەم دواییانە ئەم قازانجەی بۆ لێکدانەوە لەمەر بنچینە و بنەماکانی دیانەتی مەسیح هەیە. واپێدەچێ ئەو بەڵگەنامە دۆزراوانە هی رێڕەوەکانی رێچکەی «ئەسنی» بۆو بێ و ئەمانەش بۆخۆیان رچەکوتەری دیانەتی مەسیح بووبن. لەوانەشە جۆرە روانگەیەکی وەك دیانەتی مەسیحییەتی بەرایی لەو بەڵگەنامانەی قومراندا رەنگی دابێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا ئەم بەڵگە دۆزراوانە بابەتێکی تازەتر و بناخەیی‌تر لەو شتانەیان پێ نەداوین کە تا ئێستا لەسەر تەریقەتی «ئەسنی»مان زانیوە.

دەبێ ئەوە بڵێین کە بڕوا بە بوونی مەسیح، وەك کەسایەتییەکی مێژوویی، بەوجۆرەی کە باوە و دەنگۆی بۆ دەکرێ، لە هەموو هەڵکۆڵینەکانی پێشتر و ئەوانەی لەم دەساڵەی دواییەشدا کراون، نەسەلماوە. ئەمانە تەنیا هەر قسەیەکی رووتن و پشتیان بە هیچ بەڵگەیەکی جێی متمانە نەبەستووە. بەم ئاوایە ئەمە خۆی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە عیسا هەر لە بناوانەوە نەبوە.

ئینجیلەکان رەنگدانەوەی سەدەی یەکەمی زاینیی - واتە سەرەتاکانی دیانەتی مەسیح - نین و لەم بابەتەوە ناتوانن سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەو قۆناغە



بن. بەڵام بۆ سەردەم و قۆناغەکانی دواتر، واتە بۆ ئەو کاتانەی کە ئینجیلەکان هاتنە گۆڕێ، بۆچی نا، ئەمە ئیتر بابەتێکی‌ترە. ئێمە ئێستا دەچینە سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئینجیلەکان و قسەیان لەسەر دەکەین. ئەوکات دەبینین کە ئەم ئینجیلانە، بۆ خوێندنەوەی بابەت و روداوەکانی سەدەی دووهەمی زاینیی بەکەڵک دێن و بایەخی سەرچاوەیەکی مێژووییان هەیە.

کۆتایی بەشی چوارەم

درێژەی هەیە